ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# من فەتوای کوشتنی دوکتۆر جەمالم نەداوە.. من بەڕاستی کوشتوومە!!

فازل قەرەداغی

رۆژنامەی میدیا ژمارە ٢٤٩ لە ١٨-٠٧-٢٠٠٦ و ٢٥٠ لە ٢٥-٠٧-٢٠٠٦ ل١٨

وەڵامەکەی دوکتۆر جەمال چاوەڕوانکراو بوو. من چاوەڕێی ئەوەم نەکردبوو وەڵامی رەخنەکانم لەکتێبەکەی خۆی (ظهور الكورد في التاريخ) بداتەوە بەڵکو دامنابوو لەجیاتی وەڵامێکی زانستی پەنا بۆ قسەی تری دوور لەمەبەست بەرێ. رۆژنامەی میدیا (ژمارە ٢٤٣ لە ٦/٦/٢٠٠٦، ل ١٦) بەشی یەکەمی باسەکەی دوکتۆری بڵاوکردۆتەوە بەناوونیشانی (شێواندنی ژیانی رامیاری و هەستی نەتەوەیی لەژێر پەردەی پاراستنی پێشڕوە (پرنسیپە) کۆنەکانی ئایین). دوکتۆر لەو بابەتەیدا، کە بەشێکی بۆ من تەرخان کردووە، لەجیاتی ئەوەی وەڵامێکی زانستی بداتەوە دەنووسێ گوایە خۆپیشاندانەکەی ١٤ی شوباتی ٢٠٠٦ی هەولێرو هاندانی مەلای مزگەوتەکان بۆ قسەکردن دژ بە دوکتۆر لەرێکخستنی فازیل قەرەداغیی ((کینەلەبەر)) بوو.

لەڕاستیدا من ئەو شەرەفە بەخۆم نادەم کە هێندە کاریگەر بم لەسەر مامۆستایانی ئاینی یان لەسەر جەماوەر، ئەو خەیاڵەش کە لەمێشکی دوکتۆردا هەیە من شەرمی لێدەکەم. دوکتۆر جەمال هێندە خۆی لا گەورە بووە کە وا پیشانی خوێنەران دەدات کە خۆپیشاندانەکە دژ بەو بووە لەکاتێکدا دژ بە کاریکاتێرەکانی رۆژنامە دانیمارکییەکە بوو و هەموو جیهانی ئیسلامی خۆپیشاندانی لەو جۆرە سازکردبوو. ئەگەر کەسێکیش هەبووبێ لەخۆپیشاندانەکە قسەیەکی بە دوکتۆر وتبێ ئەوە ئەو شەرەفە بە دوکتۆر جەمال نادات وا بزانێ خۆپیشاندانەکە لەسەر شەرەفی ئەوساز دراوە. کێشەکەی دوکتۆر جەمال دوو فاقییە: دوکتۆر لەلایەك خۆی زۆر لا گەورەیە و کەس بە هاوشانی خۆی نازانێ، لەلایەکی تریشەوە هەمیشە هەست بەوە دەکات کە هەقی خۆی نەدراوەتێ و زوڵمی لێ دەکرێ، ئەو دوو شتەش بە ئاشکرایی لەنووسینەکانیدا دیارن. لەمەشەوە دوکتۆر خەیاڵێکی بۆ خۆی دروست کردووە گوایە خۆپیشاندانەکە دژ بەو بووە، قسەیەکی زۆر سەیریشی کردووە بۆ بەرزکردنەوەی خۆی گوایە لەخۆپیشاندانەکە وتراوە: ((بەنەعلەت بێ دوکتۆر جەمال کە هەڵگری بیری نەتەوەییە)). ئەم دروشمە نەك تەنها زادەی خەیاڵە بەڵکو هەوڵێکی کۆمیدییە بۆ بزواندنی سۆزی خەڵك و خڵەفاندنیان لەیەکەم ئەرکی دوکتۆر جەمال ئەویش وەڵامدانەوەی رەخنەکان. بەڵام وەڵام لای دوکتۆر زیادەیە و تەنها دادگا ئەم مەسەلەیە یەکلادەکاتەوە بۆیە دەڵێ: ((هیچ پێویست ناکات وەڵامی بدرێتەوە تەنیا بەڕێی یاسایی..)). بەکورتی نزیکترین کەس پیلانی هاندان و رێکخستنی ئەو خۆپیشاندانەی بخاتە پاڵ ئەو کەسەیە کە رەخنەیەکی زانستیی لەکتێبەکەی گرتووە و ئەو توانای وەڵامی ئەو رەخنەیەی نییە.

ئەو شتانەی پێویستە بوترێن زۆرن و هەڵبژاردنی سەرەتایەکی گونجاو کارێکی ئاسان نییە بەڵام هەرچۆنێك با دەست پێبکەم.. لەکوێوە؟ لەفەتوای کوشتنی دوکتۆر جەمال کە گوایە من داومە. ئەوەی لەدیمانەکەی رۆژنامەکەی (کۆمەڵ)دا وتوومە بەم جۆرە بووە: چەند مامۆستایەکی ئاییني قسەیان لەسەر کتێبەکەی دوکتۆریان کردبوو (ظهور الكورد في التاريخ)، مەبەستیش بەرگی سێیەمی کتێبەکە کە بەشێوەیەکی نەشیاو باسی

ZAGROS WEBSITE

پێغەمبەری ئیسلام کراوە. من هەواڵی ئەو وتارانەم بیست و خوێندەوە و پێم ناخۆش بوو بارەکە بگاتە ئەو ئاستە چونکە دەمزانی ئاستی زانستیی دوکتۆر جەمال چەندە. بە حوکمی ئەوەش کە کتێبێکم بۆ ڕەخنە لەو کتێبەی دوکتۆر جەمال تەرخان کردبوو ((مێژووی دێرینی کوردستان –کتێبی دووەم –ڕەخنە–بەشێکی کەم لەهەڵەکانی کتێبی (ظهور الکورد في التاریخ)– سلێمانی ٢٠٠٥)) ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵدا کردم سەبارەت بەو قسانەی دوکتۆر. لەو دیمانەیەدا یەکسەر نەچوومە سەر باسی پێغەمبەر بەڵکو باسی مێژووی کۆنم کرد کە گوایە دوکتۆر تێیدا پسپۆڕە. لەدیمانەکەدا چەند نموونەیەکی کەمم هێنابوو لەسەر ئەوەی دوکتۆر لەو کتێبەیدا دوو شتی کردووە: زانیاریی لەسەرچاوەیەك یان دوان وەرگرتووە کەچی سەرچاوە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانییەکانی ئەو سەرچاوەیەی نەقڵکردووە گوایە ئەو سەرچاوەیەی بینیوە و بەکاریهێناون، دووەمیش کاتێك زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیەی نەقڵکردووە زانیارییەکانی بە هەڵە وەرگێڕاوە. ئەو تەنانەت کە کتێبەکەی خۆی بە عەرەبی نووسیوە زانیاریی لەسەرچاوەی عەرەبییەکان بە هەڵە نەقڵکردووە. دوکتۆر جەمال کە لەبەرگی پشتەوەی کتێبەکەیدا نووسراوە زمانە سامی و جەرمانی و ئەنگلۆساکسۆنی.. تاد دەزانێ جگە لەچەند زمانێکی فەوتاو سەلماندوویەتی کە تەنانەت ئینگلیزیش بە باشی نازانێ ئەوە جگەلەوەی کە شتە هەرە سادەکانی زمانە فەوتاوەکان نازانێ، بۆ نموونە زمانی ئەکەدی کە نموونەی وا هەن بەسە بۆ قوتابییەکی دەستپێکەری ئەو زمانە بەو پرۆفیسۆرە پێبکەنێ. سەرباری هەموو ئەوانەش کاتێك زانیارییەك نەقڵ دەکات ئاگای لەوە نییە کە لەلاپەڕەیەکی تری کتێبەکەیدا شتێکی تری نووسیوە دژ بەو زانیارییە یاخود زانیارییەکی جیاوازە. هەموو ئەو ڕەخنانەشم لە دوو توێی کتێبەکەی سەرەوەمدا بە دەیان نموونە هێناوە، ئەویش بەدرێژایی ٢٨٠ لاپەڕە کە قەبارەی کتێبەکەی خۆمە، بەمەرجێك ئەوەی من باسم کردووە تەنها چەند زانیارییەکی چەند بەشێکی بەرگی یەکەم بوون، نووسیویشمە دوو بەرگی کتێبەکەی دوکتۆر ١٢٠٠ لاپەڕەن و ئەگەر زانیاری بە زانیاری ڕەخنەی لێ بگرم پێویستم بە زیاتر لە ١٢٠٠ لاپەڕە هەیە. دواییش لەبارەی قسە ناشیرینەکانی دوکتۆر سەبارەت بە پێغەمبەر ئەوەم لەدیمانەکە وتووە: ((ئەو کابرایە زۆر داماوە، زانیاریی لەخەڵك بردووە و ناوی کەسی نەهێناوە و ئینجا بەسەقەتی بردوونی. دڵنیابە ئەوانە قسەی خۆی نین و تەنها نەقڵی کردوون، چونکە قسەشی لەسەر ئایینی جوولەکەش کردووە، ئەوەشی نەقڵی دەکات خۆشی نازانێ چییە)). بەم شێوەیەش ویستوومە پاساو بۆ دوکتۆر بهێنمەوە نەوەکو کەسێکی بێئاگا بیکاتە ڕاست و دوکتۆر بکوژێ! هەر ئەو کاتەش بە برایانی ڕۆژنامەم وت دوکتۆر جەمال قەرزارمە چونکە هەوڵێکم دا بۆ پاراستنی ژیانی.. بەمجۆرەش نەك تەنها فەتوای کوشتنم نەداوە بەڵکو ژیانیشیم پاراستووە بەڵام لەلاکەی ترەوە من دوکتۆرم بەڕاستی کوشتووە.. کوشتنێکی زانستی و مەعنەوی چونکە پاش دەرچوونی ئەو کتێبە نرخی زانستی بۆ دوکتۆر لە زانکۆی سلێمانی نەما، بەلای کەمەوە لای ئەوانەی ڕەخنەکەی منیان خوێندۆتەوە، ئاگاشم لە حاڵی زانکۆی سەلاحەددین نییە، بەڵام نوسخەی کتێبەکەم بۆ کتێبخانەکانی هەولێرو چەند مامۆستایەکی ئەوێ ناردووە.

ڕەخنەکەم سەرەتا بابەتێك بوو لەگۆڤاری (هەزارمێرد) و دوای بڵاوبوونەوەی درێژەم پێدا تا بووە ئەو کتێبە ٢٨٠ لاپەڕەییە. خوێنەر دەتوانێ کتێبەکە هەروەها لە سایتی ئینتەرنێتی خۆم، واتە سایتی زاگرۆس: www.zagros.org بخوێنێتەوە(دوکتۆر دەنووسێ: سایتی کۆمپیوتەری زاگرۆس!! سەیریش نییە چونکە لەکتێبەکەیدا ئینتەرنێتی وەك سەرچاوە نووسیوە و بەم جۆرە: جهاز الانترنیت!!). دوکتۆر بە شایەنی نازانێ بە یەك وشە وەڵام بۆ ئەو کتێبە بنووسێ. لێرەدا دەتوانم چەند نموونەیەك لەو ڕەخنەیەم هەڵبژێرم تا خوێنەر بزانێ

ئاستی زانستیی دوکتۆر چەندە. دوکتۆر پێشتر لەنووسینی تریدا هەمان شتی کردووە، بەڵام ئەوەی لە (ظهور الكورد في التاريخ)دا کردوویەتی هەموو سنوورێکی تێپەڕاندووە. من چاوم لەو کارە نازانستی و دوور لەئەمانەتانەم پۆشیبوو کە دوکتۆر پێشتر کردبوونی بەڵام کاتێك ئەو کتێبەی دەرچوو و کاتێك بەخێرایی تەماشام کرد بەزەییم بە قوتابیانی مێژوودا هاتەوە کە کاری نازانستی و نەپاراستنی ئەمانەتی زانستی و وەرگێڕانی سەقەت و هەزاران هەڵە دەخرێنە بەردەستیان بۆیە بە ئەرکێکی سەرشانی خۆمم زانی کە ڕەخنە لەسەر ئەو کتێبە بنووسم. ئەو ڕاستییەش کە حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە کاتێك بابەتەکەی گۆڤاری (هەزارمێرد)ی خۆم بڵاوکرایەوە تەنها چاپی یەکەمی کتێبەکەی دوکتۆر دەرچووبوو، دواییش کە ئەو ڕەخنەیەم فراوان کرد و کردم بەو کتێبە کتێبەکەم بۆ چاپ ناردبوو کاتێك چاپی دووەمی کتێبەکەی دوکتۆر دەرچووبوو، ئەو قسە بێ ئابڕووانەش کە بەرامبەر پێغەمبەر کرابوون لەبەرگی سێیەمی ئەو چاپە دووەمە بوو، بەم جۆرەش ڕەخنەکەم پەیوەندیی بەو خەیاڵەی دوکتۆرەوە نەبووە گوایە من ئەو شتانەم لەبەر هۆیەکی ئاینی یان ئایدیۆلۆجی نووسیبوو. وەکو وتیشم دوکتۆر وەڵامەکەی پێ نادرێتەوە بۆیە پەنا بۆ شتی تر دەبات.

ئێستاش هەندێ نموونە لەکتێبی (ظهور الكورد في التاريخ) وەردەگرم پاشان باسی ئەو ئەزموونەی خۆم لەگەڵ دوکتۆر جەمالدا دەکەم کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ١٨ ساڵەی دوکتۆر باسی کردووە و لەو کاتەوە دەمزانی ئاستی زانستیی دوکتۆر چەندە و لەو کاتەوە ئەو کارە نازانستییانە دەکات کە زۆر بە خەستی لەکتێبی (ظهور الكورد في التاريخ) کردوونی.

## (ظهور الكورد في التاريخ)

ئەمانەی خوارەوەم لەکتێبەکەی خۆم وەرگرتووە: ((مێژووی دێرینی کوردستان–کتێبی دووەم – ڕەخنە بەشێکی کەم لەهەڵەکانی کتێبی (ظهور الكورد في التاريخ)– سلێمانی ٢٠٠٥)).

دوکتۆر دەڵێ کە چەند بەشێکی کتێبەکەی لەئەسڵدا بەئینگلیزی نووسیبوو. دیارە بۆ ئەوەی لە(هۆڵەندا)دا، کە لەوێدا نیشتەجێ بوو، بڕوانامەیەکی زانکۆی پێ وەربگرێ ، بەڵام ئەوەی دوکتۆر کردوویەتی بریتی بووە لە (کۆپی–پەیست)، واتە چەند سەرچاوەیەکی هێناوە (بەزۆری ئینگلیزی) و زانیارییەکانی ئەو سەرچاوانەی نەقڵ کردووە. ئەگەر کارەکەش تەنها نەقڵکردن بوایە دەمانوت بەرهەمەکەی نەقڵکردنە بەڵام دوکتۆر لەوە خراپتری کردووە: ئەو تەنانەت ناوی سەرچاوەکانیشی نووسیوە کە لەو سەرچاوانەدا هاتوون و بەم جۆرە خوێنەری وا تێگەیاندووە گوایە خۆی ئەو سەرچاوانەی بینیوە و بەکاری هێناون. یەك لەو سەرچاوانەی زۆر بەکاری هێناون کتێبەکەی (هێرتسفێلد)ـە بەناوی ئیمپراتۆریەتی فارسی The Persian Empire کە کێشەی تێدایە و ئامادەکاری کتێبەکە ئەوەی لەپێشەکیدا نووسیویەتی بەڵام دوکتۆر ئاگای لەوە نەبووە و کتێبەکەی بە کاڵی و بە کوڵاوی وەرگرتووە. لەخوارەوەشدا تەنها چوار نموونە لەسەر ((بردنەکانی)) دوکتۆر دەهێنمەوە:

یەك–بەڵگەنامەیەکی ناودار لای شوێنەوارناسان و پسپۆڕانی مێژووی کۆنی وڵاتی دووڕووبار بریتییە لەبەڵگەنامەیەکی ئاشوورییە کە شوێنەوارناسان ناویان ناوە Synchronistic History منیش زاراوەی (مێژووی هاوچەرخ)م بۆ هەڵدەبژاردووە هەرچەندە پڕبەپێستی واتاکەی نییە. ئەم مێژووە دەقێکی ئاشوورییە و بریتییە لەدوو ستوون" یەکێکیان ناوی ژمارەیەك پادشای ئاشوریی تێدایە، ستوونەکەی بەرامبەریشی ناوی ئەو پادشا بابلییانەی تێدایە کە هاوچەرخەکانیانن لەگەڵ هەندێ ڕووداو. هێرتسفێلد (ل ١٥٢) باسی ڕووداوێك دەکات و ناوی ئەو (مێژووە هاوچەرخ)ـە دەبات و پەراوێزی ژمارە (٢)ی بۆ داناوە. دوکتۆری خۆشمان هەمان زانیاری



ZAGROS WEBSITE

نەقڵ دەکات بەڵام لەجیاتی ئەوەی ناوی کتێبەکەی هێرتسفێلد (ئیمپراتۆریەتی فارسی) بنووسێ ئەو سەرچاوەیە دەنووسێ کە هێرتسفێلد نووسیویەتی بۆ ئەوەی وا لەخوێنەر بگەیەنێ ئەو سەرچاوەیەی تری بینیوە. من ((ئەدەبەن)) ئەو حاڵەتەم ناو ناوە ((بردن)). دوکتۆر بەدرێژایی کتێبەکەیدا ئەمەی کردووە بەڵکو هەموو کتێبەکەی بریتییە لەو جۆرە کارە. کەسی زۆریشمان هەیە لەکوردستاندا ئەمە دەکەن و خۆیان بە زیرەك دەزانن و وا دەزانن کەس پێیان نازانێ چونکە بە خەیاڵی خۆیان تەنها خۆیان ((شارەزا)) و ((پسپۆڕن))، بەم جۆرەش ناوێکی گەورە بۆ خۆیان دروست دەکەن. بەڵام ئەو گەشبینییە ئەو کەسانە لەجێگەی خۆیدا نییە چونکە کەسانێك هەر پەیدا دەبن ئەو چەتەگەرییە ئەدەبییە ئاشکرا بکەن. بگەڕێمەوە سەر دوکتۆری خۆمان و بڵێم: دوکتۆر ئەو زانیارییەی لەهێرتسفێلد وەرگرتبوو و ناوی ئەو سەرچاوەیەی نووسیوە کە هێرتسفێلد نووسیویەتی تا وامان تێبگەیەنێ ئەو سەرچاوەیەی بینیوە و بەکاری هێناوە، بەڵام ئەمجارە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ کەوتۆتە هەڵەیەك ئەو کارە ناڕەوایەی ئاشکرا کردووە.

وتمان هێرتسفێلد لەو شوێنەی باسی ((مێژووی هاوچەرخ)) دەکات پەراوێزی ژمارە (٢)ی داناوە کە بریتییە لەبەرگی ٣٤ی ((دەقی مێخی لە لەوحە بابلییەکانی مۆزەخانەی بەریتانی)). تا ئێرە هەموو شتێك ئاساییە" ناوی دەقێکی کۆن وتراوە و سەرچاوەیەکی بۆ نووسراوە کە تایبەت بەو دەقانەیە، بەڵام دوکتۆری خۆمان لەبەر ئەوەی شارەزای مێژووی کۆن نییە و دەیەوێ تەنها بە ئیددیعا ببێتە ئەو شارەزایە هەڵەیەکی کردووە کە تەنها دەستپێکەران دەیکەن. دوکتۆر لەجیاتی ئەوەی پەراوێزی ژمارە (٢)ی کتێبەکەی هێرتسفێلد ((ببات)) پەراوێزی ژمارە (٣)ی ((بردووە)) ئەویش چونکە ژمارە (٢) و (٣) بەوردی نووسراون هەروەها پەراوێز (٣) خراوەتە ژێر پەراوێزی (١) بۆیە دوکتۆرەکەی خۆمان لێی تێکچووە و وایزانیوە ئەمە پەراوێزی (٢)ە!! بەڵام نوکتەکە ماویەتی تەواو ببێ چونکە ئەو پەراوێزەی دوکتۆر لێی تێکچووە بریتییە لەنەخشەیەکی جوگراف لەکتێبێکی تری هێرتسفێلد لەبارەی (پەیکولی)یەوە. هێرتسفێلد لەو پەراوێزەدا دەنووسێت: ((تەماشای نەخشەکەم بکە لە پەیکولی))، دوکتۆریش پێمان دەڵێ تەماشای نەخشەکەی هێرتسفێلد بکەین لە پەیکولی. بۆ ئەوەی تەواویش بمانخەڵەتێنێ ناوی سەرچاوەکەی هێرتسفێلد کە بە یەك وشە نووسراوە، واتە (پەیکولی) بەدووروودرێژی و زانیاریی تەواوەوە!!

هەڵبەت ئەگەر دوکتۆر بچووکترین شارەزایی هەبوایە بیری لەوە دەکردەوە و دەیوت: ((چۆن هێرتسفێلد باسی ڕووداوی ناو (مێژووی هاوچەرخ) دەکات کەچی ئاماژە بۆ نەخشەیەکی جوگراف وەك سەرچاوە دەکات؟)). هەر کەسێکی تر بوایە کەمێك دەوەستا و دەگەڕا بۆ هۆکەی ئینجا بۆ دەردەکەوت کە ((بردنەکەی)) بەباشی نەکردووە. بەڵام دوکتۆر نەیتوانیوە هەست بە هەڵەکەی خۆی بکات، چۆنیش بەوە بزانێ لەکاتێکدا تەنانەت نەیزانیوە ((مێژووی هاوچەرخ)) چییە کە وەك وتم بەڵگەنامەیەکی ئاشوریی ناودارە لای لێکۆڵەرەوان. دوکتۆر وایزانیوە هێرتسفێلد باسی سەرچاوەی مێژوویی بەگشتی دەکات بۆیە ئەمە دەنووسێت: ((ئەو سەرچاوە مێژووییانەی کە <u>هاوچەرخن</u> لەگەڵ ئەو ماوەیەی کە باسکرا))!! کەسێك لەسەددا یەکی ئەو سەرچاوانەی ببینیبێ کە دوکتۆر لەکتێبەکەیدا ریزی کردوون شتێك لەبارەی ئەو بەڵگەنامە ئاشورییە دەزانێت (بۆ ئەم نموونەیە بڕوانە کتێبەکەی خۆم کە لەسەرەوەدا ئاماژەم بۆ کرد، لاپەڕە ١٣٩-١٤١).

دوو- نموونەی دووەممان لەسەر ((بردنەکانی)) دوکتۆری خۆمان ئەمەی خوارەوەیە:

شوێنەوارناسی عیراقی دوکتۆر فەوزی بابەتێکی هەیە لەبارەی ناوچەی (خامازی)یەوە. یەك لەزانیارییەکانی ئەو بابەتە لەسەرچاوەیەکی ئەڵمانییەوە وەریگرتووە بەناوی **Reallexikon der Assyriologie** کە فەرهەنگێکی چەند بەرگیی مێژووی کۆن و شوێنەواری وڵاتی دووڕووبار. دوکتۆری خۆمان ئەو زانیارییەی نەقڵکردووە بەڵام لەجیاتی ئەوەی ناوی بابەتەکەی دوکتۆر فەوزی بنووسێ شەقێکی لەم هەڵداوە و ئەو سەرچاوە ئەڵمانییەی نووسیوە کە دوکتۆر فەوزی نووسیویەتی تا وامان تێبگەیەنێ کە ئەو سەرچاوەیەی بەکارهێناوە. چۆن بزانین دوکتۆری خۆمان ئەوەی ((بردووە)) و بەڕاستی سەرچاوەکەی نەبینیوە؟ دوکتۆرە عەرەبەکە لەبەر هەر هۆیەك بێ بۆ ئەو زانیارییە بەرگی ژمارە (٣)ی ئەو فەرهەنگەی نووسیوە بەڵام راستەکەی ئەوەیە ئەو زانیارییە لەبەرگی (٤)دایە. دوکتۆرە عەرەبەکە هەڵەکەی کردووە و دوکتۆری خۆمان هەمان هەڵەی دووبارەکردۆتەوە و نووسیویەتی: بەرگی (٣)!! (بڕوانە کتێبەکەی خۆم لاپەڕە ١٧٤). ئیتر با خوێنەر خۆی کارەساتەکە بخەملێنێ" کتێبەکەی خۆم کە ٢٨٠ لاپەڕەیە (٢٥٠ لاپەڕە لەوانە ناواخنەکەیە) پڕە لەنموونەی لەو جۆرانە، ئەو کتێبەی خۆشم تەنها لە ١٠٪ ی کتێبەکەی دوکتۆر دواوە، ئیتر چۆن دوکتۆر لەباسەکەی رۆژنامەی (میدیا) نالێ هیچ پێویست بە وەڵام ناکات و تەنها بەڕێی یاسایی وەڵام بدرێتەوە؟!

سێ– یەك لەشتە خۆشەکانیش ئەوەیە لەبابەتی (شمشارە)دا دوکتۆر چەند لاپەڕەیەکی نووسیوە بەڵام جیا لەهەموو بابەتەکانی تر تەنها یەك یان دوو سەرچاوەی نووسیوە.. بۆچی؟ چونکە ئەو کتێبە ئینگلیزییەی زانیارییەکانی سەبارەت بە شمشارەی لێ ((بردووە)) ناوی هیچ سەرچاوەیەك نابات بۆیە دوکتۆر نەیتوانیوە ناوی هیچ سەرچاوەیەك بنووسێ، خۆ ئەگەر نووسەری کتێبە ئینگلیزییەکە ناوی سەرچاوەی بنووسیایە دوکتۆری خۆمان ئەو سەرچاوانەی بە کاڵی و کوڵاوی دەبرد. رەنگە ئەوەش زیاد بێ ئەگەر بڵێین دوکتۆر بەشی زۆری زانیارییەکانی بە هەڵە وەرگێڕاوە(بڕوانە ئەو کتێبەی سەرەوەم ل ٢١١ بەدواوە).

چوار– لەوەش خۆشتر ئەوەیە دوکتۆر وێنەی نەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربەندی (بێلوولە)ی داناوە (لاپەڕە ٥٠٩ی بەرگی یەکەم) و ناوی پادشاکە وەك (خوببانی پیرینی) دەنووسێ ئەویش چونکە بەو شێوەیە لەکتێبەکەی هێرتسفێلددا بینیویەتی، بەڵام پاش ٥٦ لاپەڕە هەمان وێنە دادەنێتەوە بێ ئەوەی بزانێ ئەوە هەمان نەخشە و ناوی پادشاکە وەك (لیشیر بیرانی) دەنووسێ چونکە بەو شێوەیە لەکتێبەکەی دیاکۆنۆفدا (میدیا) دەیبینێ، جارێك تر، ئەمجارە بێ وێنە، ناوەکە وەك (تار–دون–نی). جارێکیش دەڵێ پادشایەکی لوللوییە، جارێکیش گوتییە. دوکتۆر چیی بینیوە نەقڵی کردووە و ئاگای لەو شتانە نەبووە کە نەقڵی کردوون (بڕوانە ل١٨٦ی بەدواوەی کتێبەکەی خۆم ). دوکتۆر لەچاپی دووەمی کتێبەکەیدا وێنەی دووەمی لابردووە (وێنەی یەکەم لە لاپەڕە ٨٠٣)، بەڵام زانیارییەکانی چاك نەکردووە.

وەکو وتیشم کاتێك دوکتۆر چەند بەشێکی ئەو کتێبەی بە ئینگلیزی ((نووسیبوو)) ئەو زانیارییە و ئەو سەرچاوانەی (کۆپی–پەیست) کردووە بەڵام وەنەبێ ئەوانەی تایپ کردبێ بەڵکو لەجیاتی ئەوە بەرنامەیەکی OCRی بەکارهێناوە. بەم بەرنامەیەش دەتوانی کتێب سکان بکەی بەڵام لەجیاتی ئەوەی بیکەیتە وێنە بەرنامەکە بۆت دەکاتە نووسینێك کە دەتوانی دەستکاریی بکەی. دوکتۆر هەمان شتی کردووە و کتێب و گۆڤارە ئینگلیزییەکانی سکان کردووەو کردوونی بە فۆنت لەجیاتی ئەوەی بەئینگلیزی تایپیان بکات، ئەوەش بەوە دیارە کە ئەو بەرنامەیە هەندێ فۆنت ناناسێتەوە وەك پیتی (ئێس) کە حەوتی لەسەرە و مەبەست لێی دەنگی (ش)ـە، بۆیە دەبینین دەیان ناوو وشەی کۆن بوونەتە (ئێس)ی ئاسایی بۆ نموونە (شارکیششاتی) بۆتە (شار

کیسساتی). ئەمەش نیشانەیەکی تری نەشارەزایی دوکتۆرەکەی خۆمانە چونکە ئەگەر شارەزای ئەو مێژووە بوایە کە کتێبەکەی باسی کردووە و ئەگەر شارەزایی ئەو زمانە کۆنانە بوایە هەڵەکانی ئەو بەرنامەیەی چاك دەکرد.

هەر سەبارەت بە زمانزانی لەبەرگی پشتەوەی کتێبەکە ئیددیعایەکی گەورە نووسراوە گوایە دوکتۆر ژمارەیەك زمان دەزانێت: زمانە ئەوروپاییەکان و ئاسیاییەکان، سلاڤی و جەرمانی و ئەنگلۆساکسۆنییەکان و هیندۆ ئێرانییەکان و سامییەکان و تورکی ئەمەش جگەلە چەند زمانێکی فەوتاو))، کەچی دەبینین هەڵەی وا دەکات دەستپێکەریش نایکات، تەنانەت بۆ زمانی ئینگلیزیش شت هەن بۆ پێکەنین دەشێن. بۆ نموونە وشەی highroad هەیە کە لە دوو وشە پێکهاتووە: (بەرز) و (ڕێگە) بەڵام پێکەوە یەك وشە پێکدەهێنن بەواتای (ڕێگەی سەرەکی – شاڕێ). دوکتۆری شارەزا لەزمانە ئەوروپاییەکان و ئاسیاییەکان، سلاڤی و جەرمانی.. وشەکەی پیتاوپیت وەرگێڕاوە بە (الطريق العالي) واتە ڕێگەی بەرز! لەکتێبەکەشمدا نموونەی زۆرم هێناوە لەسەر رادەی ((شارەزایی)) شارەزاکەمان لەزمانەکانی ئینگلیزی و فەڕنسی و ئەڵمانی، تەنانەت هەڵەی لەزمانی عەرەبیش کردووە کە کتێبەکەی بەو زمانە نووسیوە.

دوکتۆر تەنانەت شتە هەرە سادەکانی مێژووی کۆن و شوێنەوارو زمانە فەوتاوەکان نازانێ. هەر قوتابییەکی قۆناغی یەکەمی شوێنەوار ئەوە دەزانێ کە گردە شوێنەوارییەکان بریتین لەچینی نیشتەجێی یەك لەسەر یەکی، هەر چێنێك هی سەردەمێك یان ماوەیەك، لەسەرووی ئەو چینەش چینێکی تری سەردەم یان ماوەیەکی دواتر هەیە. بەمجۆرەش چینەکان دەچنە سەر یەك و ئەو گردەیان لێ دروست دەبێ. نموونە لەسەر ئەوەش هەزاران گردی شوێنەواری لەعیراق و کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر. گردەکانی هەولێرو کەرکووك کە خەڵك پێیان دەڵێن قەڵای هەولێرو قەڵای کەرکووك نموونەی دیارن لە کوردستاندا، هەر ئەو خەڵکەش وا دەزانن پادشاکان بەکۆڵی خەڵك خۆڵ و قوڕیان هێناوە و ئەو گردانەیان دروست کردووە. زانیاریی دوکتۆری خۆمان هیچی لەزانیاریی خەڵکە عەوامە زیاتر نییە بۆیە دەبینین لەنامیلکەیەکیدا لەبارەی کەرکووکەوە ئاستی شارەزابوونی خۆی ئاشکرا دەکات. لەکتێبەکەمدا کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد ئەمەم نووسیوە: ((دوکتۆر لەو نامیلکەیەیدا نووسیویەتی: ((فان الكوتيين هم الذين انشاوا قلعة كركوك على اغلب الاحتمال)) پاش چەند دێڕێکیش: ((بنيت قلعة كركوك في الاصل على تل مدور ذي اربع زوايا..)). پاشان باسی بیرەوەرییەکانی خۆی دەکات کە قەڵاکە هەندێ مەزارو مزگەوت و تەکیە و پاشماوەی هەندێ بیناو شوێنەواری کە دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای چەرخی مێژوویی (هەزاری سێیەم و دووەمی پێش زاین) – (كركوك في العصور القديمة، دار ئاراس، اربيل، ٢٠٠٢، ص ٧ –بڕوانە مێژووی دێرینی کوردستان –کتێبی دووەم، ل٨٣). ئەمەش جگەلەوەی سەلماندنی ئەوەی کە دوکتۆر وەکو خەڵکی عەوام تەماشای ئەو گردانە دەکات هەروەها ئەوپەڕی نەزانی لەشوێنەوار دەسەلمێنێ کاتێك وا دەزانێ بیناکانی چوار هەزار ساڵ و لەوە زیاتریش کە کەوتوونەتە چینەکانی بنەوەی گردەکە دەکەونە سەر ڕووی ((قەڵاکە)).

ئەمانە کەمێکن لەسەدان ڕەخنەی ناو کتێبەکەی خۆم، هەر کاتێکیش بیرم لەچاپی دووەمی ئەو کتێبەم کرد ڕەخنەی تر زیاد دەکەم، نەك هەر لەکتێبەکەی دوکتۆر بەڵکو لەبەرهەمەکانی تر.

## ئەزموونێکی تاڵ

ئینجا دێمە سەر ئەو شتەی دوکتۆر باسی کردووە گوایە ئەو ((رقەی)) من بۆ ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦ کاتێك من خوێندکار بووم و گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) دوکتۆری وەکو پسپۆڕێك راسپارد چاو بە دوو بابەتی خۆم بخشێنێ، دوکتۆریش لەپێناوی فێرکردنی ئەو خوێندکارە –کە منم– بە بەرنامەیەکی ئەکادیمی بڕیاری دا یەکەمیان (بابەتی ئورکیش) بلاوبکرێتەوە پاش رەچاوکردنی چەند تێبینییەك، ئەوەی تریشیان (لەبارەی کەرکووك و پادشایەکی کۆنییەوە) بلاونەکرێتەوە لەبەر ئەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی جیددی بووە. دوکتۆر دەڵێ کە من وەڵامێکی هەڕەشە ئامێزم بۆ مامۆستا عەبدولڕەززاق بیمار، سەرنووسەر گۆڤارەکە، نارد هەروەها هەڕەشەشم لەو کردووە کە هیچ شتێك نافەوتێت، ئەو تێبینییانەی دوکتۆریش شتی سەیرو خۆش دەبن بۆ خوێنەران لەدواڕۆژێکی نزیکدا ((ئەو دواڕۆژەش ١٨ ساڵی خایاند تا فازیل قەرەداغی بوو بە ئایدیۆلۆجیستی ئیسلامییە توندڕەوەکان و هەڕەشەکەی خۆی بە دوو رێگە بەجێهێنا)). دوکتۆر ئینجا دوو رێگەکە دەڵێت: یەکەمیان بابەتەکەی گۆڤاری هەزارمێرد (ساڵی٢٠٠٤)، ئەوەی تریش ئەوەی پێگەی ئینتەرنێتی زاگرۆس واتە (مێژووی دێرینی کوردستان–کتێبی دووەم..).

ئەمە قسەکانی دوکتۆرن بەکورتی. هەڵبەت تەنها سەیرکردنی مێژووی ئەو بابەتانە بەسن بۆ هەڵوەشاندنی ئەو خەیاڵەی دوکتۆر کە گوایە من لەبەر هۆیەکی ((ئایدیۆلۆجی)) رەخنەکانم لێگرتووە چونکە بابەتەکەی هەزارمێرد و کتێبەکەم لەچاپی یەکەمی کتێبەکەی دوکتۆر دواون، ئەو قسە بێتامانەش کە دوکتۆر بەرامبەر پێغەمبەر دەیانڵێ لەچاپی دووەمدان. دەمێنێتەوە رقی شەخسی، دوکتۆریش دڵنیا دەکەم کە وا نییە دەنا دەمتوانی لەو ماوەی ئەو ١٨ ساڵەی باسی دەکات ئاستی ((شارەزاییەکەی)) ئاشکرا بکەم. من کۆتاییم بەو مەسەلانە هێنابوو چونکە هەموو ئەو بابەتانەم کۆکردەوە کە لە رۆشنبیری نوێ و دواتر لە گۆڤاری (کاروان) رەفزی دەکردن، هەروەها ئەوانەی لەو دوو گۆڤارە و لەرۆژنامەی (هاوکاری) بلاوکرابوونەوە و کردمن بە کتێبێك بە دوو بەش و رەزامەندیی رەقابەم بۆ وەرگرتن بەڵام پارەم نەبوو لەچاپیان بدەم بۆیە وا مانەوە تا ئەو رۆژەی هەندێکیانم لەگۆڤاری (رامان) بلاوکردەوە و دوای ئەوەش بەشێك لەوانەم لە دووتوێی کتێبی (مێژووی دێرینی کوردستان–کتێبی یەکەم–٢٠٠٤) بلاوکردەوە. بەمجۆرە من پرۆژەی خۆم هەبووە و دوکتۆرم پشتگوێ خستبوو بەڵام بڕیارم دابوو ئەگەر دوکتۆر تەنها یەك وشە بڵێ فایلە کۆنەکەی ئاشکرا بکەم، ئێستاش بۆ بەدبەختیی خۆی قسەی کرد بۆیە بڕیارەکەم دەخەمە کار.

ساڵی ١٩٨٥ ساڵێك بوو دەستم دابووە بابەتی مێژووی کۆنی کوردستان. ئەو کاتەش قوتابی نەبووم وەك دوکتۆر وایزانیوە. ئەو ساڵە کتێبەکەی دوکتۆرم بینی (دراسات كردیە فی بلاد سوبارتو). زۆر دڵم بەو کتێبە خۆش بوو و وامدەزانی گەنجینەیەکم دەستکەوتووە چونکە کتێبی وا نە بە عەرەبی و نە بەکوردی نەدەنووسرانەوە. هێشتا لەنیوەی کتێبەکەدا بووم کاتێك بڕیارم دا رەخنەیەکی لەسەر بنووسم. رەخنەکەم نووسی و لەگۆڤاری (کاروان) بلاوبووەوە و بووە یەکەم بەرهەمی بلاوکراوەی خۆم. رەخنەکە چۆن رەخنەیەك بوو؟! رەخنەیەکی پڕ ئەدەب و وشەی جوان. رەنگە بشەرمم و نووسینێکی وا بە ئەدەب نەنووسمەوە! منی لاو لەو جیهانە دوور بووم کە تێیدا نووسەران حەسوودی بە یەکتر دەبەن و کۆسپ دەخەنە رێگەی یەکترو یەکتر دەشکێنن، ئەوەش نەك تەنها پەیوەندیی بەکەسایەتیی خۆمەوە هەبووە کە سوپاس بۆ خوا لەحەسوودییەوە دوورم بەڵکو هەروەها لەبەر سیاسەتی نووسینی خۆم کە لەو کاتەوە پەیڕەویی دەکەم.

من گاڵتەم بە نووسینی هەڕەمەکی دێو باوەڕم وایە پێویستە هەر بابەتێك هەقی خۆی بدرێتێ. لەبابەتی مێژووی کۆنی کوردستانیش یەکەم مەراقم بڵاوکردنەوە نەبوو بەڵکو ((زانین)) بوو. دەمویست ((بزانم)) پێش ئەوەی ((بڵاوبکەمەوە)) بۆیە ماوەیەکی زۆرم لەگەڵ بابەتەکاندا سەرف دەکرد تا ئەو کاتەی دەمزانی لەوە زیاتر زانیاریم دەستناکەوێ، بۆیە گاڵتەم بەو کەسانە دەهات چوار سەرچاوە دێنن و زانیارییەکانیان نەقڵ دەکەن و ئەو زانیارییانە دەکەنە بابەتێك، چاوەڕێی شتە خراپترەکەشم نەدەکرد، واتە کەسانێك هەبن لەجیاتی ئەوەی ناوی ئەو چوار سەرچاوەیە بنووسن دەچن هەرچی سەرچاوەکانی ئەو چوار سەرچاوەیە دەبەن و لەبابەتەکانیاندا دەیاننووسن بۆ ئەوەی خوێنەر بخەڵەتێنن گوایە ئەو سەرچاوانەیان بینیوە و بەکاریان هێناون. ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد بوو بە راست، دواتریش لەوە خراپترم زانی: بەشێکی زۆری نووسەران،(زۆریشیان نووسەری ناودارن) ئەوە دەکەن.

ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات زیان بە خۆی پێش خوێنەر دەگەیەنێ چونکە حوکمی نەخوێندەواری بەسەر خۆیدا دەدات و لەجیاتی ئەوەی ببێتە پسپۆڕ لەو بوارەدا خۆی دەکاتە مەسخەرەی رەخنەگران. ئەو کەسەی ئەوە دەکات هیچ فێر نابێ و لەجیاتی ئەوەی ببێتە پسپۆڕی بوارەکەی خۆی دەیان و سەدان هەڵە دەکات، ئەی بۆچی دوکتۆر جەمال ئەو هەموو هەڵانەی کردووە کە راستکردنەوەیان پێویستی بە چەندین کەسە؟ ئەی بۆچی هەڵەکانی لەو جۆرانەن کە تەنانەت کەسێکی دەستپێکەریش نایانکات هەر وەك لەکتێبەکەمدا سەلماندوومە؟ ئەگەر دوکتۆر ئەو سەدان سەرچاوەیەی بخوێندایەتەوە کە لەکتێبەکەیدا ریزی کردوون پسپۆڕە بیانییەکان پێش عیراقییەکان کڕنووشیان بۆ دەبرد چونکە نەك تەنها لەوان بلیمەتتر دەبوو، بەڵکو هەروەها دەیسەلماند کە لەوان زیاتر کاتی هەیە. کێشەیەکی پسپۆڕان، بەتایبەت ئەوانەی ئێستا، ئەوەیە شت ئەوەندە زۆرە فریای خوێندنەوەیان ناکەون.

ئەو بابەتە رەخنەییە بەئەدەبەی گۆڤاری کاروان بە کاردانەوەیەکی خراپ لەلایەن دوکتۆرەوە وەڵام درایەوە: یەکەم بابەتم بۆ گۆڤاری رۆشنبیری نوێ بینێرم لەلایەن ئەوەوە رەفز کرا. هەرچەند بەوە بێتاقەت بووم بەڵام پەلەم نەبوو و پێش ئەوەی وەڵامی تێبینییەکانی دوکتۆر بدەمەوە بابەتی ترم بۆ گۆڤارەکە ئامادە کرد و لەگەڵ تێبینییەکانم رەوانەم کردن. بێگومان ئەوانیش قبوول نەکران. ئەو تێبینییانەی دوکتۆرم وەرگرتەوە کە لەسەر ئەو دوو بابەتە نووسیبوونی و وەڵامی ئەوانیشم دایەوە. بەکورتی هەوڵی زۆرم داو لەو گۆڤارە تەنها یەك بابەتم بڵاوکرایەوە کە دەستی ئەو نەکەوتبوو. نەك تەنهاش هەڕەشەم لە مامۆستا عبدالرزاق نەکردبوو (وەك دوکتۆر دەڵێ) بەڵکو ئەوەی لەنێوانماندا هەبوو رێزو ئیحترام بوو و مامۆستا تەشجیعی دەکردم کە بەردەوام بم و ئەو شتانە کارم تێنەکەن و هانی دەدام کۆڵ نەدەم.

تا ئەو کاتەش لە (کاروان)دا شتم بۆ بڵاودەکرایەوە بەڵام دوکتۆر لەوێش بۆم دەرپەڕی و ئەو رێگەیەشی لێگرتمەوە. بەهەرحاڵ ئیهتمامی من ئەو کاتە بەرەو شتی تر دەچوو و لەساڵی ١٩٨٩ بەدواوە لەبواری مێژووی کۆن دوورکەوتمەوە بۆیە مەسەلەکە لای من کۆتایی پێهات، هەروەها کێشەی بڵاوکردنەوەم لەگۆڤارەکاندا نەبوو چونکە لەوە بەدوا کتێبی ئامادەم هەبوو بۆ چاپ، بەڵام وەك وتم بڕیارم دابوو ئەگەر دوکتۆر تەنها یەك وشە بڵێ ئەو فایلە کۆنەی بۆ هەڵبدەمەوە.

لەبەر ئەوەی تێبینییەکانی دوکتۆر لەسەر بابەتەکانم زۆرن و لەبەر ئەوەی بەشێکیان دووبارەن، باسکردنی یەك بە یەکیان زۆری دەوێ بۆیە ناچارم لێیان هەڵبژێرم. ئەو تێبینییانەی ئەویش بۆ من بەس بوون بۆ ئەوەی بزانم دوکتۆر جەمال تەنها ((ناوە)) و لەبەر نەبوونی پسپۆڕ لەو بوارەدا ئەو ناوەی بۆ دروست بووە:

دوکتۆر لەهەموو بابەتەکانی خۆم لەسەر ئەوە سوور بوو کە زانیارییەکانم لەسەرچاوەیەکی عەرەبی یان کوردی وەرگرتووە و ناوی سەرچاوە ئەڵمانی و فەڕەنسییەکانم لەو سەرچاوەیە نەقڵکردوو، بەکورتی دزیی ئەدەبیم کردووە دەنا من نە ئەو دوو زمانە دەزانم و نە ئەو سەرچاوانەم بینیوە. ئەوە یەکێك لەتێبینییە سەیرەکانی دوکتۆر بوو لەناو ئەو تێبینییانەی لەوە سەیرتریان تێدابوو. من باوەڕم بەوە نەدەکرد کەسێك ئەو گومانە بەرێت، لەوەش زیاتر باوەڕم نەدەکرد دوکتۆر خۆی ئەو جۆرە کارە بکات هەتا کتێبەکەی تری دوکتۆرم نەبینی، واتە (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری–١٩٨٨).

سەرەتای نووسینم لەو بوارەدا بابەتێك بوو لەبارەی لوللوییەکانەوە کە بڕیارم دابوو بۆ گۆڤارێکی بنێرم. چی سەرچاوەی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە عەرەبی و ئینگلیزیم تەواو کرد و زانیم کە زۆری تر ماوە بیزانم بۆیە روومکردە کتێبخانەی مۆزەخانەی عیراقی لەبەغدا و چەند سەرچاوەیەکی ئینگلیزیم دەستکەوت تا دواتر کەسێك پێی وتم ئەڵمانییەکان شتیان زۆر لەبارەی کوردستانی کۆنەوە نووسیوە. منیش کە پاشخانێکی ئەو زمانەم هەبوو دەستم پێکردەوە تا ئەو رادەیەی توانیم ئەو سەرچاوانە بخوێنمەوە. دواتر بابەتی تر هاتنە پێشەوە و وازم لە لوللوییەکان هێنا و خەریکیان بووم بەڵام ئەوانە پێویستیان بە زمانی فەڕەنسی هەبوو بۆیە هەوڵم دا بەو زمانە بخوێنمەوە ئینجا ئاسۆیەکی ترم بۆ کرایەوە. کێشەیەکی ترم مابوو ئەویش ئەو سەرچاوانەی تەنانەت لەکتێبخانەی مۆزەخانەی عیراقی نەبوون، بۆ ئەو مەبەستەش رووم کردە شوێنی تر. هەندێکم دەستکەوت و ئەوانەی ترم دەستنەکەوت. لەبەر ئەوە ئەو سەرچاوەیەی دەستم نەکەوتبوو لەبەرهەمەکانمدا نووسیومە دەستم نەکەوتووە، بەڵام ئەو وشەیەم هەرگیز لەبەرهەمەکانی دوکتۆر جەمالدا نەبینیوە. دوکتۆر ناوی سەدان سەرچاوە ریز دەکات و هەموویانی بینیوە و هەموویانی خوێندۆتەوە!! یەك لەنموونەکانی خۆم ئەمەیە: بابەتێکی ئەڵمانی لەژمارە ٢٤ی گۆڤاری Archiv für Orientforschung لەبارەی (ئاننوبانینی)یەوە هەبوو چەند لەکتێبخانەی مۆزەخانەی عیراقیدا گەڕام هەر نەبوو، تەنانەت دەفتەری تۆماری کتێبخانەکەشم کردەوە و بۆم دەرکەوت تا ژمارە ٢٣ هەیە. ناچار چووم بۆ زانکۆی بەغدا بۆ لای د. عبدالهادی الفوادی چونکە ئەو ئاماژەی بۆ ئەو سەرچاوەیە کردبوو، تەنانەت جارێك لەوانەکەیدا دەرگاکەم کردەوە و بەڵێنەکەیم بیرخستەوە کە ئەوسەرچاوەیەم بۆ بێنێ. لەکۆتاییشدا هەر نەیهێنا و ناچار بووم ئاماژە بکەم کە ئەو سەرچاوەیەم دەستنەکەوتووە. کاتێکیش مرۆڤ بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەدا بکات چۆن دەتوانێ چاو لەو هەموو ئیددیعایانەی دوکتۆر جەمال بپۆشێ کە لەکتێبی (ظهور الكورد في التاريخ)دا کردوونی؟

من لەزووەوە بۆم دەرکەوتبوو دوکتۆر ئەو کارە دەکات کە خەڵکی تری پێ تۆمەتبار کردووە. بەڵام ئەو کارەی لەکتێبی (ظهور الكورد..) بێتام زۆر کردووە، بەڵکو تەنانەت ئەو کتێبەی یەکپارچە ((بردنە))، ئەوە جگەلەوەی ئەو کتێبە هەر وەك بەرهەمەکانی تری بریتییە لە شتی تێکەڵوپێکەڵ و رەبتیان کەم تێدایە. ئەم تێکەڵەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریتی ((بردنە)) و تێنەگەیشتن لەو شتانەی ((دەیانبات)) و باسیان دەکات. ئەم کارە دوکتۆریش وایکردووە هیچ فێر نەبێ و هەڵەی وا بکات تەنانەت دەستپێکەرانیش نەیکەن. هەر ئەو کاتەش دەمتوانی هەموو ئەوانە باس بکەم، بەڵام وەك وتم ئەو کاتە بایەخم بۆ بابەتی تر گۆڕابوو و ماوەیەکی ویست تا

بگەڕێمەوە سەریان ئەویش کاتێك ئەو بابەتە کۆنانەم بۆ گۆڤاری (رامان) دەنارد. دەرچوونی کتێبە نوێکەی دوکتۆریش هانی دام ئەو رەخنەیەی لەگۆڤاری (هەزارمێرد) بنووسم و دواتر بیکەمە کتێبێك چونکە بەزەییم بە خوێنەر، بەتایبەتی بە قوتابیانی مێژوو و شوێنەوار، دەهاتەوە کە ئەو سەقەتییە خراوەتە بەردەستیان کە نموونەی نییە نە لەکتێبخانەی کوردیدا و نە لەناو هیچ میللەتێکی جیهان. ئەمە دەڵێم و هیچ لەوە ناترسم موبالەغەم کردبێ.

تێبینییەکانی دوکتۆر کە لەسەر ئەو بابەتانەی بۆ رۆشنبیری نوێ دەمناردن نیشانەی گەورەن کە دوکتۆر هیچ شارەزاییەکی نەبووە. بۆ نموونە گۆڤارەکەی سەرەوە، واتە Archiv für Orientforschung و سەرچاوەیەکی تری ئەڵمانی کە لەسەرووتر ناوم بردبوو Reallexikon der Assyriologie لەبواری شوێنەوارو مێژووی کۆنی وڵاتی دووڕووبار لەڕادەبەدەر ناودارن، کەچی دوکتۆر لەتێبینییەکانیدا نووسیبووی (این تصدر هذه المصادر وایة مؤسسة تصدرها) واتە ئەم سەرچاوانە لەکوێ دەردەچن و چ دەزگایەك دەریاندەکەن؟ خۆش ئەوەیە بینیم لەبابەتێکی ساڵی ١٩٨٩ی دوکتۆر لەرۆشنبیریی نوێ ناوی سەرچاوەی دووەمی نووسیوە!! لەکتێبە نوێکەشیدا ناوی سەرچاوەی یەکەم و سەرچاوەی تریش کە ئەو کاتە نەیدەزانی چین!!

نموونەیەکی تر ئەوەیە دوکتۆر لەتێبینییەکانی لەبارەی بابەتی نەخشەکەی دەربەندی (بێلوولە)ی خۆم ناوی سەرچاوەیەك دەبات کە ساڵی ١٨٩١ دەرچووە و سەرسوڕمانی خۆی لەوە دەردەبڕێ لەکاتێکدا ئەگەر بۆ یەك جار خۆی ماندوو بکردایە لەو کاتەی لە بەغدا بووە و سەردانی کتێبخانەی مۆزەخانەی عیراقیی بدایە، بەتایبەت بەشی مسماریات دەیزانی کە پڕە لەسەرچاوەی کۆنی وا، تەنانەت لەوە کۆنتریش هەیە. نموونەیەکی تر لەهەمان ئەو بابەتە ئەوەیە دوکتۆر نووسیبووی: ((زۆربەی زانیارییەکانی لەبارەی ئەو تابلۆ شوێنەوارییەی لە اطلس المواقع الاثریة في العراق.. وەرگرتووە)). دوکتۆر بۆیە ئەوەی وتووە چونکە نەخشەیەکی جوگرافیم لەگەڵ بابەتەکمدا ناردبوو کە شوێنی ئەو شوێنەوارەو چەند شوێنەوارێکی تری لەسەر بوو و نووسیبووم ئەو نەخشەم لەو ئەتڵەسە وەرگرتووە و ناوەکانم کردووە بەکوردی. دوکتۆر لەجیاتی ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەتڵەسەی کە نەیدیوە لەخۆیەوە شتی نووسیوە. ئەو ئەتڵەسە تەنها نەخشەی جوگرافی و شوێنەواریی عیراقەو تاکە زانیاری لەبارەی مێژووەوە تێیدا هەبێ پێشەکییەکەیە کە چەند لاپەڕەیەکە لەبارەی سەردەمەکانی عیراق لەچەرخە بەردینەکانەوە تا سەردەمە نوێکان کە دەیان هەزار ساڵ دەگرنەوە و بەم جۆرە نەك تەنها زانیاریی تێدا نییە دەربارەی ئەو شوێنەوارەی کوردستان بەڵکو تەنانەت جێگەی رووداوی هەرە گرنگی مێژووی عیراقیشی تێدا نەبۆتەوە.

ئەمە بەشێکە لەتێبینییەکانی دوکتۆر لەسەر ئەو بابەتانەی بۆ گۆڤاری رۆشنبیری نوێ دەمناردن و ئەو رەفزی دەکردن، ئیتر پاش ئەوە هەق نییە خوێنەر بەو قسەیەی دوکتۆر پێبکەنێ کە لەبابەتەکەی رۆژنامەی (میدیا)دا وتوویەتی: ((لەپێناو فێرکردنی ئەو خوێندکارە بە بەرنامەیەکی ئەکادیمی))!! داماو ئەو کەسەیە دوکتۆر فێری بکات. من بە شتی تریش پێدەکەنم: دوکتۆر کە ئەمە حاڵێتی لەرۆژنامەی (میدیا)دا دەنووسێ گوایە لەرەخنەکەمدا لەکتێبی (ظهور الکورد..) سوودم لەو تێبینییانە وەرگرتووە کە کاتی خۆی ئەو بۆ منی نووسیبوون و ئێستا من بەفێڵ ئەو تێبینییانەی پێ دەفرۆشمەوە!!بەڵام دوکتۆر نەیتوانیوە یەك تێبینی بڵێ کە سوودم لێوەرگرتبوو، ئێستاش گرەوی لەگەڵدا دەکەم تاکە یەك تێبینیی خۆی دەستنیشان بکات و بڵێ لەفلانە بەرهەمی فازلدا سوودی لێوەرگیراوە، خوێنەریش لەسەرەوەدا ئەو تێبینییانەی دوکتۆری بینی و دەتوانێ حوکم

بدات. بەپێچەوانەی قسەکەی دوکتۆریش و وەك لەسەرەوەدا باسم کرد دوکتۆر سوودی لەبابەتەکانی خۆم وەرگرتبوو چونکە دەبینین لەبەرهەمەکانی خۆیدا ناوی ئەو سەرچاوانەی نووسیوە کە لەتێبینییەکانی ئەو بۆمن گومان هەبوو لەهەبوونیان یان نەیدەزانی چین. دەڵێم ناوی ئەو سەرچاوانەی ((نووسیوە)) نەك بەکاریهێناون چونکە وەك باسم کرد ئیشی ئەو تەنها ((بردنی)) زانیارییەکان لەسەرچاوەیەك و ((بردنی)) ناوی ئەو سەرچاوانەی لەو سەرچاوەیەدا هاتوون بووە، بێگومان لەگەڵ تێنەگەشتن لەو زانیارییانەو وەرگێڕانێکی سەقەت.

دواوتەشم ئەوەیە: دوکتۆر نەیتوانیوە وەڵامی رەخنەکانم بداتەوەو لەجیاتی ئەوە پەنای بۆ قسەی دوور لەمەبەست بردووە. ئایا باشتر نەدەبوو بێدەنگ بێ و لێدوان لەئاستی زانستیی خۆی نەورووژێنێ؟ من بەڵێنی دەدەمێ ئەگەر وەڵامەکەی لەهەمان جۆری قسەکانی ناو رۆژنامەکە بوو رەخنەی تر لەکتێبەکەی و بەرهەمەکانی تری بخەمە روو و بەوە ناوەستم تەنها رەخنەکانی ناو کتێبەکەی خۆم دووبارە بکەمەوە.

*تێبینی: خوێنەر دەتوانێ رەخنەکانی خۆم لەپێگەی ئینتەرنێتی زاگرۆسی خۆم ببینێ:*

*کتێبی مێژووی دێرینی کوردستان–کتێبی دووەم –رەخنە–بەشێکی کەم لەهەڵەکانی کتێبی (ظهور الكورد في التاريخ)– سلێمانی ٢٠٠٥:*

*http://www.zagros.org/fadhil/f-books/k-ancienthist/k-ancienthist-2-index.htm*

*دیمانەکەی رۆژنامەی کۆمەڵ(ژمارە ١٩٠ لە ٢٠٠٥/٩/١٧ لاپەڕە ٩):*

*http://www.zagros.org/fadhil/f-articles/04-12-2005/dr.jamal.htm*